# بەناوی خۆمەوەو لەماڵی( چاك)ەوە قسەدەكەم

عومەرمحەمەد

**ئەم وەلام دەبوایە وەکو نەریتێکی رۆژنامەوانی لەهەمان ئەوجێیە بلاوبکرایەتەوە، کەجنێونامەکەی تێدابلاوکراوەتەوە، بەلام من زمانی خۆم بەلایەقی ئەوێ نەزانیو ئەم شێوەدیالۆگە تەنها شایانی ئەوماڵپەرانەیەکە رێزلەئینسانو زمانی بنیاتنانەوەدەگرێن.**

لەبەرئەوەی ماڵپەرەکە بەزمانی زۆر ناشرین هاتووەتە دەنگ هۆشەنگ محمود ناوێك گوایە لەخزمەتی ناوەندی" چاك" بەلام بەزمانێکی زۆرخراپ، قسەی لەبارەی چالاکبوونەوەی ئێمەکردووەو چۆنی ویستووە بێئەوەی لە ویژدانی خۆی بپرسێتەوە قسەی فرێداوە، من دەمێکە گەیشتوومەتە ئەو بڕوایەی ئەوانەی تۆمەت دەخەنە پاڵ خەڵك، ئەوکەسانەن کە مرۆڤەکەی ناوویژدانی خۆیان خەواندووەو شەیتانەکەیان بێدارکردووەتەوە، دەنا مرۆڤ هەروەك چۆن دەتوانی جوان سیراع بکا، ئاواش دەتوانی بەعسیانە پەلاماربدات، بەداخەوە ئەو کەسانەی لەکاروان بەجێماون، هەمان ئەو تۆمەتانە دادەتاشن کەخۆیان پێوەی گیرۆدەن‌و لەرەفتاری رۆژانەی خۆیاندا پیادەی دەکەن، بێگومان هەموو ئەوانەی دەست لەکارکێشانەوەو رونکردنەوەکانی ئێمەی خوێندبێتەوە، تێدەگات ئێمە لەچی نارازی بووین، لەوزمانەی قسەی پێدەکەن‌و لەو فەوزاو بێسیستمیەی رێگەنادات رێزگرتن لە بیروڕای یەکتر ببێتە کەڵچەر، ئەو فەوزایەی جگەلە چەواشەکردنی ئەم کۆمەلگا جینۆسایدکراوە هیچی تری لێناکەوێتەوە، پێموایە ئەوانەی بەچالاکبوونەوەی ئێمە قەڵس‌و بێزارن، دەتوانن هەلوەستەیەك لەخۆیان بکەن‌و بەدیدێکی ترەوە مامەڵەبکەن، هەرهیچ نەبێت لەبەرتەندروستی خۆیان، چونکە من کەچالاکیەکانم دەستپێدەکەمەوە گوێ لەوە ناگرم کێ پێی ناخۆشەو کێ زەرەی تێدا دەکات، هەرچەندی هۆشەنگ پێوەی بتلێتەوە من کەوەختی خەوم هات دەخەوم، ئیدی ئەو خۆی بەرپرسە لەوەی دەخەوێت یان تابەیانی دەتلێتەوەو خەریکی پیلانگێران دەبێت، من باش دەزانم ئەوان بۆچی نارازیین کە ئەندامێکی چالاکی ناوەندی "چاك"بم، لەبەرئەوەیە کاریان لە بێسیستمیو فەوزادا مەیسەردەبێ‌و منیش یەکەم کەس دەبم لێیان بێدەنگ نابم، هەربۆیەشە بەداواکاریەکانی ئێمەو چالاکبوونەوەمان، تووشی شۆك بوون، ئەوان باش دەزانن هەروەك دەستبەرداری ناوەندی (چاك) نەبووین، دەستبەرداری داواکارییەکانیشمان نابین، من هەرگیز رێگە بەخۆم نادەم تۆمەت بخەمە پاڵ ئەوانەی تۆمەتمان دەخەنە پاڵ، هەرگیز رێگە بەخۆم نادەم جنێوفرۆشێکبم، هەرگیز رێگە بەشەیتانەکەی ناخی خۆم نادەم بێداربێتەوەو کاری ناپەسەندم پێبکات، هەرکەسێکیش ئەوەدەکات، خۆی لەهەلسوکەوتی خۆی بەرپرسیارە، بەلام بەراشکاوی دەڵێم ئەو قسانە ناتوانن بەلاڕێمدابەرن‌و وێنەیەکی خۆیانم لێدروست بکەن، چونکە پێموایە ئەو زمانی ئاخاوتنەو ئەو پیلانگێرییە هەروەك خزمەت بەناوەندی چاك ناکات، خزمەت بە کۆمەلگەو ئینسانیەتیش ناکات، بائەوانە لەپاڵ ئەنفالچیەکانیش نەبن، باڕۆژێك لەرۆژان بەعسیش نەبووبن، بەلام رەفتاری ئەوان پیادەدەکەن، جنێودان‌وموهاتەرات‌وتۆمەت دروست کردن، رەفتاری بەعسیزمەو کۆمەلگەی کوردی پێویستە بەزووترین کات، خۆی لێپاکبکاتەوە، چ لەناوچاکبم یان لەدەرەوەی چاك زۆربەتوندی کار بۆتێکشکاندنی رەفتاری بەعس‌و زمانی بەعس دەکەم. ئەمڕۆ بێت یانسبەی دەبێت ناوەندی چاك بێتە سەرئەو بڕوایەی لەپێشەوە لەناوخۆیەوە دەست بەریشەکێشکردنی رەفتاری بەعسیانە بکات، ئاخر ناکرێت کەسێك ئەندام یان دۆستی ناوەندی چاك بێت بەزمانی شەرانگیزیو بەزمانی تۆمەتبارکردن داکۆکی لەناوەندی چاك بکات. ئەمە داکۆکی نیە لەچاك ئەمە ریسواکردنیەتی، ئەو زمانە زمانی چاککردنەوەی ئەندامە تۆراوەکان نیە، ئەوە زمانی سڕینەوەی کەسایەتی خەڵکە.

ماوەتەوە بلێم بنوسن‌و چیتان لەدڵدایە دەری برن بەلام تکام وایە بەجورئەتەوە بەبێ موهاتەرات‌و بێتوهمە دروستکردن بنوسن، ئەوسا حەوسەڵەم دەبێت چەندی بتانەوێ دیالۆگ بکەم، بەلام بۆ جنێودان‌و موهاتەرات لەگەڵتان نیم‌و کاتی پێوناکوژم، ئەگەرکاتێکیشی بۆتەرخان بکەم.. نابم بەئێوە بەڵکو بەهەموو واتاکان جیاواز لەئێوە قسەدەکەم، نابم بەموهاتەراتچی. بەڵکو تێدەکۆشم مرۆڤە زیندووەکەی ناوناختان زیندووبکەمەوەو شەیتانەکەی ناوتان بکوژم. خیلافەکانی نێوانمان پێشانی خەڵکی دەدەم.

تکایە ئەم لینکەی خوارەوە بکەرەوە:

http://www.kurdistanan.net/index.php?mod=article&cat=siyasi&article=5860